گرفتی سەدان خوێندکاری ماستەرو دکتۆرای هەرێم کەوەك وانەبێژ دامەزراون چارەسەر کران

وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی حکومەتی هەرێم رایگەیاند، گرفتی سەدان خوێندکاری ماستەرو دکتۆرا چارەسەر دەکات کە وەك وانەبێژ دامەزراون، رەزامەندی وەرگیراوە دوای تەواوکردنی خوێندنەکەیان ڕۆکارەکانی بە گرێبەستکردن و دەستبەکاربونیان بە ئەنجامبدرێت.

بەگوێرەی راگەیەندراوێکی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، لەسەر داواکاری بەردەوامیان بە وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، گرفتی سەدان خوێندکاری خوێندنی باڵا/ ماستەر، دکتۆرا چارەسەرکرا، کە وەك وانەبێژ فەرمانی دامەزراندنیان بە دەرچوە.

هەر بەگوێرەی راگەیەندراوەکە، لەسەر راسپاردەی د. ئارام محەمەد قادر وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، "سەرکایەتی ئەنجومەنی وەزیران رەزامەندیدا لەسەر ئەوەی ئەو کەسانەی کە بە گرێبەست دامەزراون وەك وانەبێژ و لە ئێستادا خوێندکاری خوێندنی باڵان وەك ماستەر یاخود دکتۆرا، مافیان پارێزراو دەبێت و لە خوێندن بەردەوام دەبن تاوەکو تەواوکردنی قۆناغی خوێندنەکەیان".

ئاماژەی بەوەشکردوە، هەر لە فەرمانە وزاریيەکەی وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستیدا هاتوە، دوای تەواوکردنی خوێندنەکەیان ڕۆکارەکانی بە گرێبەستکردن و دەستبەکاربونیان بە ئەنجامدەدرێت بەو مەرجەی بەکردارەکی وانەبێژ بوبن و مەرجەکانی دامەزراندیان بە گرێبەست تێدابێت، واتە لە یەککاتدا هەردو مافی خوێندن و دامەزراندنیان پارێزراو دەبێت.